## نۆیەم: مەترسییە نوێیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

بزوتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو بزوتنەوەی ژنان، بزتنەوەی مافی مرۆڤ، ڕەش پێستەکان وژینگە وبزوتنەوەی دژایەتی لەگەڵ بڵاوبووونەوەی چەکی کۆکوژ و ئەتۆمی و ...هتد، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە. ئەم بزوتنەوانە بۆ دەوڵەتە نادیموکراتییەکان هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەژماردەکرێن. چونکە ئەم بزوتنەوە نوێیانە لەبارەی پرسە نوێیەکانی کۆمەڵگەکان وناسنامە وبابەتە کەلتووری وسیمبۆلیك یاخود هێماییەکانەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە(انریك لارنا وديگران، ۲۰۰۸: ۲۰-۲۳).

لاوازی دەوڵەت لە بەرهەمهێنانی بەها و نۆرمی بڕواپێهێنەروڕەوایەتیپێدەربە تاك وگروپەکانی ناوخۆیی دەوڵەت بەتایبەت نەوەی نوێ، دەتوانێت هەڕەشە بۆ ڕەوایەتی و سەروەرایەتی سیستەمی سیاسی دروست بکات(يزدان فام، ۲۰۰۹: ۱۲۵). هەروەها شۆرشی زانیاری لەلایەك بووە هۆی دروستبوونی پەیوەندییە سەروو نەتەوەیییەکان و لەلایەکی تریشەوە بۆتە هۆی بەرفراوانبوون ئاڵۆزبوون و بەرزبوونەوەی داواکارییەکانی خەڵك، چی لەسەر ئاستی تاکەکان بێت چی لەسەر ئاستی ناسنامەکان بێت. چونکە تاك وکۆمەڵەکان لە سەردەمی ئێستادا زانیارییان لە ژیان وبەهاکانی کۆمەڵگەکانی دیکە زیاتر بۆتەوە، چاوەڕوانن کە لانیکەم پێداویستییە سەرەتاییەکانیان و دەرفەت و زەمینەی چالاکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئۆتۆنۆمی سیاسی تەنانەت پراکتیزەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ فەراهەم بکرێت. هەروەها بەرهەمهێنان و ئالوگۆڕیی زانیاری چیتر لە کۆنترۆڵی دەوڵەتاندا نییە و حکومەتەکان زیاترلە ژێرگوشاری وڵامدانەوە دایە(يزدان فام، ۲۰۰۹:۱۲۸).

لەژێر سێبەری ئەم بارودۆخە نوێیە دا، "جێمز ڕۆزێناو"(James N. Rosenau) پێیوایە کە بەجیهانیبوونی زانیاری دەبێتە هۆی فرەیی لە بوارەکانی دەسەڵاتدارییەتی وگرفت وکێشە بۆ سەروەری وئاسایشی جیهانی دروستدەکات.(Rosenau, 2007; 88). بەکارهێنانی هێزی نەرم بۆدروستکردن یاخود ئاراستەکردنی بیروباوەڕ، بەها، نۆرم، هزر، تێگەیشتن، ئەولەوییەت، هەڵبژاردن، مۆدێلی ڕەفتاری تاك و بەکۆمەڵا بە مەبەستی ڕێکخستن، گۆڕانکاری لە ناسنامەی بکەری مرۆیی لە ئاراستەی دەستەبەرکردنی ئامانجەکان بە جەنگی نەرم دەناسرێت. ئەمەش لە ڕێگەی ئۆپراسیۆنی دەروونی، میدیایی، کەلتووری، ئایدیۆلۆژیایی وزانیارییەوە ئەنجام دەدرێت(دهقانى فيروزابادى، ۲۰۱۱:۷).

سەرباری ئەوەی باسمان کرد لە سەرەوە، دەبینین کەوا ئاسایش لە سەدەی بیست ویەکەدا چەندین بوار و هەرشە و مەترسی لەشکری و نالەشکری لەخۆ گرتووە. بۆ نموونە، تاوانە ڕێکخراوەکان(Organaized Crime)، بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ(Weapons Proliferation)، کاروباری تاکەکەسی(Privacy)، پرسی ژینگە و گەرمبوونی گۆی زەوی(Global Warming)، ئاسایشی وزە، تیرۆریزم، ئاسایشی سایبەری، نەخۆشییە سنووربڕەکان، هەژاری، گەندەڵی و..هتد.(ابراهيمى، ۲۰۱۲:۹۳).

لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی زانیاری و شۆڕشی تەکنەلۆژی و پەیوەندییەکان، سیستەمە سیاسییەکان بۆ بەردەوامی ئاسایش و مانەوەی خۆیان ناچارکراون ڕوانگەیان بۆ ئاسایش بگۆڕن. هێز و بەرفراوانی تەکنەلۆژیای نوێی زانیاری و پەیوەندی، ئینتەرنێت و..هتد، وایکردووە کە ئایدۆلۆژیا دەسەڵاتخوازەکان دەستەوەستان بن لە کۆنترۆڵی زانیاری و بەرهەمهێنانەوەی ڕەوایەتی لە کۆمەڵگە و دەوڵەتاندا(وپوق و شیخون، ٢٠١٢: ١٠١).

لە سەردەمی ئێستادا ڕەهەندی نوێی مەترسی و هەڕەشەکانی ئاسایشی بەناوی "سایبەر تیرۆریزم"(Cyber Terrorism) هاتۆتە ئاراوە. ئەمەش بە مانای هەڕەشە لە سیستەمی ئاسایشی تۆڕەکان و زانیاییەکان دێت. ئەو هەڕەشانەش هەردوو بواری تایبەت و گشتی، لەشکری و نالەشکری دەگرێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، بکەر یاخود ئەکتەرانی ئەم هەڕەشانە دەوڵەتی و نا-دەوڵەتین، واتا فەرمی و نافەرمین(وپوق و شیخون، ٢٠١٢: ١٠٥). شۆڕشی زانیاری بۆتە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاری گەورە کە پێکهاتەی دابەشکردنی هێز و دەستپێڕاگەیشتنی هاوڵایان بە زانیاری و دروستبوونی ناوەندی نوێی هێز و نفووز، سەرچاوە نەریتییەکانی هێزی(وەکو دەوڵەتان) خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی(بوریستون، ١٩٨٩: ٢١).

## ١-تیرۆریزم و تاوانە ڕێکخراوەکان

تیرۆرلە سەردەمی ئێستادا بەهۆی شۆڕشەکانی زانیاری وپێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا وگەیاندن بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و بەشێوازێکی ڕێکخراو مەترسی و هەڕەشەی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست کردووە، بۆیە ئەمڕۆ دەوڵەتان گرنگییەکی زۆر بە خۆپاراستن لە تیرۆر دەدەن و سەرچاوەیەکی ماددی و ناماددی زۆری بۆ تەرخان دەکەن. بۆیە دەوڵەتانی دیموکراسی لە داڕشتنی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردەکەن بە یەکێك لە ئەولەویەتە سەرەکییەکانیان.

بۆیە ئەو توندوتیژییانەی کە تیرۆر بەرهەمی هێناوە لە چەند دەیەی ڕابردوو، بووە هۆی گۆڕانکاری لە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان (ژکی ابراهیم، ٢٠١٢: ص٢). تیرۆر بریتیە لە بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن بە ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکاری سیاسی، هەموو کارێکی تیرۆریستی توندوتیژی یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی لەخۆ دەگرێت، ئەم کردارە توندوتیژانەش لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێت کە ناحکومین واتا بەشێك نین لە چەکدارەکانی دەوڵەت یان دەزگاکانی سەپاندنی یاسا، یان دامەزراوەکانی تری حکومی (هۆفمان، ٢٠٠٦: ل٥).

تیرۆر ئەمڕۆ دیاردەیەکی نێونەتەوەییە و مەترسی و هەڕەشەیە بۆ سەر گیانی هاوڵاتی سڤیل و یەکێکە لەو مەترسیە ترسناکانەی کە ئاراستەی سیستەمی نێونەتەوەیی دەکرێت، هەروەها شەڕێکی وێرانکەری ناڕاگەیەندراوە لە نێوان مرۆڤەکان هەروەها لە نێوان تاك و دەوڵەتیش، کە مەترسی لەسەر ئاشتی جیهانی دادەنێت، کە زیان بە گیان و دارایی و ئازادییەکانی هاوڵاتیان دەگەیەنێت. لە ڕاستیدا تیرۆری نێونەتەوەیی دەستدرێژی ڕاستەوخۆیە لەسەر مافەکانی مرۆڤ وەکو: مافی ژیان، مافی ئاشتی و ئازادی

ڕادەربڕین بەشێوەی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ، تیرۆر هەڕەشەیەکە لەسەر هەموو جیهان، کەواتا دیاردەیەکی سنووربەزێنە (أحمد يحيى، ۲۰۰۹: ص۱۰۹).

ئەگەر پەرەپێدانی مرۆیی فەراهەم نەبێت لە هیچ دەوڵەتێك ئاسایش و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەستەبەرنابێت چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کە ڕووبەڕووی هەژاری و برسیەتی ببێتەوە و میکانیزمی گونجاو بۆ پەرەپێدانی مرۆیی لە ڕووی ماددی و مەعنەوی دەستەبەر بکرێت و ئەمەش بە سیستەمێك دەکرێت کە دیموکراسی بێت و توانای سیستەم بەرز بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گرفتە ناوخۆییانە و باشترکردنی ژیانی تاکەکان (توندرات، ۲۰۱۲: ص۲). تێکەڵبوونێك هەیە لە نێوان تیرۆر و توندوتیژی سیاسی بەهۆی نزیکی توندوتۆڵ کە لە نێوانیاندا هەیە، کە هەردووکیان ئامانجی سیاسیان هەیە و بەشێوەیەکی ڕێکخراو بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزیان هەڕەشەکردن، بەڵام لە نێوانیاندا جیاوازی ڕوون و ئاشکرا هەیە، بۆ نمونە چالاکیە تیرۆریستیەکان کردەوەکانیان بە ئاشکرا دەکەن، بەڵام توندوتیژی سیاسی بریتیە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك بەبێ گوێدان بە ڕای گشتی یان سەرنجی هاوڵاتیان و هەروەها ئامانجەکانی توندوتیژی سیاسی تەسك و سنووردارن، بەڵام تیرۆردوژمنایەتیەکی ڕاستەوخۆیە وەکو پەیامێکی ئاشکرا وڕوون بۆ لایەنی بەرامبەر، بۆیە جیاوازی جەوهەری لە نێوان توندوتیژی سیاسی و تیرۆردا هەیە، بەپێی ئامراز و میکانیزمەکانیان، هەرچەندە تیرۆر بەرهەمی توندوتیژیە و تیرۆرکردنی کەسایەتی سیاسی دیار و گرنگ جۆرێکە لە توندوتیژی کە بە ئامانجی سیاسی دەکرێت، هەروەها دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ و تێکدانی سەقامگیری سیاسی وکۆمەڵایەتی جۆرێکە لە تیرۆر(السلمو، ۲۰۰۸: ص۱).

دیاردەی تیرۆردەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و دەمارگیری، چونکە توندوتیژی و تیرۆرکلتوورێکی ڕەشە کە لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کە خاوەن بەهای توندوتیژە، چ ماددی چ مەعنەوەی سەرچاوە دەگرێت. لەبەرئەوە پەروەردەکردنی تاك وهاوڵاتیان لەسەربنەمای بەها شارستانیەکان وسەردەمیانە وەك دیموکراسی و بەهاکانی، پێویستیەکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی هزری مرۆڤ، چونکە دیموکراسیەت گرنگی زۆری هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندوتیژی، لە سەردەمی ئێستادا زۆر بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر هەن کە بە هێز و تۆقاندن خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن، یەکێك لەو دیاردانە کە مەترسی زۆری لەسەر کۆمەڵگە هەیە و کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەیە و لە شوێنە جیاجیاکانی کۆمەڵگە وەکو نەخۆشیەك بڵاوبۆتەوە و بکەرەکانی ئەم دیاردەیە ڕوانینیان بۆژیان وڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسەکان ڕەشبینانە وکوێرانەیە. لێرەوە دەتوانین بڵێین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە (دیاردەی تیرۆر) باشترین میکانیزم سیستەمێکی دیموکراسیە کە وادەکات هاوڵاتیان بەشێوەیەکی ئازاد بەشداربن لە بونیاتنانی بەهاکانی شارستانی ومرۆڤایەتی، چونکە دەتوانێت چارەسەری دیاردەی تیرۆربکات بەشێوەیەك کە پرۆژە وبەرنامەی سیاسی دەبێتە بنەمایەك بۆپاراستنی ئاسایشی هەمووان وەکو پێویستیەکی سەرەکی ژیان (الصغير، ۲۰۱۳: ص۱).

لەدوای جەنگی سارد دەوڵەتانی شکستخواردوو بوونەتە کێشەیەکی گەورە بۆ ئاسایشی سیستەمی نێونەتەوەیی و دەوڵەتانی ناوچەیی، چونکە دەوڵەتانی شکستخواردوو پێشێلکاری مەترسیداریان لە بواری مافی مرۆڤ ئەنجامداوە و هەندێکجار بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر دراوسێکانیان و یان هێرشکردنە سەر دەوڵەتانی تر، دیاردەی کۆچی نایاسایی و پەنابەران هۆکاری ئەوکارەساتە مرۆییانەن کە لەو جۆرە دەوڵەتانە ڕوودەدەن و لەلایەکی تر لە ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر ڕوون بۆتەوە کە ئەو دەوڵەتانەی کە دالّدەی تیرۆریستەکانیان داوە، ئەو جۆرە دەوڵەتە شکستخواردووانە بوونە کە سیستەمێکی نادیموکراسییان هەیە و لە هەموو بوارەکاندا وەکو ئابووری، مافی مرۆڤ، یەکگرتوویی، ئاسایش و سەقامگیری و پەروەردە و تەندروستی و... هتد، تووشی شکست هاتوون (فۆکۆیاما، ٢٠٠٩: ل٢٠٠).

تیرۆر چەندین هۆکاری جۆراوجۆری وەکو هۆکارەکانی ئابووری، سیاسی، مێژوویی، کۆمەلآیەتی، کلتووری یان ئایینی و... هتد، هەیە و هەندێکجار ئەو هۆکارانە بەیەکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر سەرهەڵدانی تیرۆر و بەردەوامی ئەم دیاردەیە و هەندێکجار بەهۆی نادادپەروەری و سەرکوتکردنی سیاسی یان بارودۆخی خراپی ئابووری هەروەها جیاکاری ڕەگەزی و چەوسانەوەی ئایینی یان نایەکسانی لە دابەشکردنی دەسەلآت و سەروەت و سامان دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی تیرۆر، بۆیە دەتوانین بڵێین سیستەمێکی سیاسی کە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات دەتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆر. بۆ ڕێگەگرتن لە تیرۆر دەبێت چارەسەری هەندێك دیاردە بکرێت لە ناوخۆ بەشێوەیەکی یاسایی، وەکو: چارەسەرکردنی سیاسەتی پەراوێزخستن یان هەژاری و گەندەڵی یان چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی ئایینی و نەتەوەیی و زمانی یان نادادپەروەری کۆمەلآیەتی و... هتد، چونکە تیرۆریستان سوود لەو بارودۆخە وەردەگرن کە ئەو دیاردانەی تێدابێت، لە جێگەی ئەوە دەبێت سیستەمێکی دیموکراسی لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و گرنگی بە ئاسایش و خۆشگوزەرانی هاولآتیان بدات بەبێ جیاوازی (هۆفمان، ٢٠٠٦: ل٦٤). بەگشتی دەتوانین بڵێین کە دیموکراسی دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لە چارەسەرکردنی تیرۆر بەم شێوەیە:

١- بۆ چارەسەرکردن و یان ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر نابێت دەوڵەت هەمان ئامرازی توندوتیژی بەکاربێنێت، چونکە توندوتیژی، توندوتیژی زیاتر بەدوای خۆیدا دێنێت و هەرکاتێك دەوڵەت خەسڵەتی تۆڵەسەندنەوەی تێدابوو وەکو چەتەی لێ دێت، کەمکردنەوە و چارەسەری توندوتیژی و تیرۆر بەشێوازێکی نەرم گەرەنتی ئاسایش و سەقامگیری دەکات.

٢- دەوڵەت نابێت بێتە ناو ململانێیە کۆمەلآیەتیە یان چینایەتیەکان، بەڵکو ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە وەکو میکانیزمێك لە چوارچێوە و بەپێی یاسا چارەسەری ئەو ململانێیانە بکات بەبێ لایەنی نەك لە بەرژەوەندی لایەنێکدا کاربکات و لایەنەکەی تر پەراوێزبکرێت.

٣- هەندێکجار، هەندێك ئاراستەی فیکری یان بەرژەوەندی توند لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، کە دەبنە جێگەی مەترسی و دەبنە هۆکارێك بۆ نائارامی و ناسەقامگیری کۆمەڵگە، پێویستە دەوڵەت بەهۆی ئەوڕەوایەتییەی کە هەیەتی ئەم ئاراستە یان گروپانە بێنێتە ناو سیستەم و بەرژەوەندییەکانیان

داپین بکات و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی دەوڵەتدا پێناسەیان بکات و پەراوێز نەخرێن بەڵام بەپێی بەرژەوەندی گشتی.

٤- دەوڵەت دەبێت دان بە فرەیی، کۆمەڵایەتی، کلتووری، ئابووری، ئایینی، نەتەوەیی و ... هتد، بنێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان سیاسەتێکی درێژخایەن دابڕێژێت و ناسنامەیان بپارێزرێت و لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشە و ململانێیەکانیان، دژایەتی و توندڕەوییان کەمبکاتەوە و لە چوارچێوەی یاسادا کاروبارییان ڕێکبخات، چونکە کاردانەوەی توندوتیژی لە هەمبەر ئەم جیاوازییانە، کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێت (غلیون، ٢٠٠١: ص١٤٦-١٤٧).

بۆیە باشترین ڕێگە بۆ بەرەنگاربوونەوە و لەناوبردنی تیرۆر، بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی دیموکراسیە، لەسەر ئاستی تاك و لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، پەیڕەوکردنی سیستەمێکی دیموکراسی دەبێتە هۆی ژینی ئاسوودە و پڕ لە ئاسایش بۆ هاوڵاتیان. دیموکراسی کە بەهاکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان لەخۆ دەگرێت، بەپێچەوانەی بەهاکانی تیرۆر کە لەسەر تۆقاندن و توندوتیژیە ڕادەوەستێت، بۆیە پەروەردەی دیموکراسی لەچوارچێوەی سیستەمێکی کراوە باشترین میکانیزمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر (الصغیر، ٢٠١٣: ص١). هەروەها بەرگری کردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی دەبێتە بەردی بناغە بۆ جەنگ و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بۆیە لە ئێستادا بەهێزکردنی دیموکراسی بۆتە بەرنامەی دامەزراوەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بۆ ئەم مەبەستەش لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە کە یارمەتی ئەو دەوڵەتانە بدەن کە ئاراستەیان بەرەو دیموکراسییە (بارانی، ٢٠١٢: ص٣٦٥).

دەتوانین بڵێین کەمکردنەوەی گرژییەکان و کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی و تیرۆر، پێویستی بە چارەسەری دیموکراسیانە هەیە، چونکە هەندێکجار لە نەبوونی دیموکراسییە کە ئەو توندوتیژیانە سەرهەڵدەدەن لە ئەنجامی ململانێ لەسەر بیروبۆچوون و بەرژەوەندی و جیاکاری و دەمارگیری و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی داهاتەکان و .... هتد. دیموکراسی دەتوانێت ئەم کێشە و ململانێیانە بەشێوازێکی ئاشتیانە چارەسەربکات و لە نەبوونی دیموکراسیدایە کە تیرۆر لە کۆمەڵگە دەبێتە ئامرازی هێز و گروپە تیرۆریستییەکان، لەلایەکی ترەوە تیرۆر لەگەڵ ژیانێکی مەدەنی و سیاسی دیموکراسیانە ناتوانێت پەرەبسێنێت و گروپە تیرۆریستیەکانیش سوود لە تاك و گروپە پەراوێزخراوەکان وەردەگرن (غلیون، ٢٠٠١: ص١٤٥).

"دۆناڵد هێنڵ"(Donald J. Hanle) کتێبی (تیرۆریزم: فۆرمی نوێی جەنگ)[1] دا پێناسەی تیرۆریزم دەکات و دەڵێت: "تیرۆر ترسێکی ئیفلیجکەری توند یاخود مەترسی ئەو ترسەیە. تیرۆریزم هەوڵێکی ئاگایانەیە بۆ بەکارهێنانی تیرۆر لە ڕێگەی کردەوەیەکی سیمبۆلیك کە بەکارهێنانی هەڕەشە لە ڕێگەی زۆر و توندوتیژی بە مەبەستی بەدەستهێنانی نفووز لەسەر تاکەکان یاخود گروپ و دەوڵەتێك".(هنل، ٢٠٠٤: ١٣٦). لە

1 -Donald J. Hanle (2007); Terrorism: The Newest Face of Warfare, New York: Potomac Books Inc.

چوارچێوەی چەمکی نوێی سایبەر-تیرۆریزمدا چەندین چەمکی نوێ وەکوو: جەنگی کۆمپیۆتەری(Cyber War)، جەنگی تۆڕەکان(Network Warfare)، وجەنگی زانیاری(Information Warfare) لەسەردەمی بەجیهانیبووندا خراوەتە ڕوو(هاشمی نسب، ٢٠١٥: ٢٣).

لە سەردەمی ئێستادا تیرۆریزمی ناسنامەیی یاخود ئایینی و مەزهەبی وەکو هەڕەشەیکی نوێی ئاسایشی دەخەنەڕوو، بە مانای بەکارهێنانی توندوتیژی بۆگەیشتن بۆئامانجە پیرۆزەکانیان. ئەم جۆرە لە تیرۆریزم هەوڵی ئەوە دەدات کە هەموو ئەو شتانەی کە بە خراپ و ناپیرۆزی دەزانێت لەناو ببات و بیانسڕێتەوە. ئەم شێوازە لە تیرۆریزم ئەگەری بەجیهانیبوونی زۆرە و پەیوەست نییە بە ناوچە و ئایینێکی دیاریکراو. بۆ نموونە سیخەکان وکریستانییەکان وجووەکان وموسڵمانەکاندا بە ڕێژە وئاستی جیاوازبوونی هەیە. بۆ نموونە لە تیرۆری "ئیسحاق ڕابین" سەرۆك وەزیرانی پێشووتری ئیسرائیل کە لە ساڵی ١٩٩٥ کە لەلایەن گروپێکی توندڕەوی جوو تیرۆرکرا، یاخود تەقاندنەوەی بینای فیدراڵی ئەمریکا لە شاری ئۆکلاهۆماسیتی لە ساڵی ١٩٩٥ کە لەلایەن فیرقەی داوودییەکان ئەنجامدرا. هەروەها تیرۆری "ئەندیرا گاندی" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هندستان لە ساڵی ١٩٨٣ و کوڕەکەی لە ساڵی ١٩٩٠ لەلایەن سیخەکانەوە، هەروەها هێرشەکانی القاعیدە و بەرەی نوسرە و داعش و بوکۆحەرام و..هتد، کە گروپی توندڕەوی ئیسلامین، نموونەی ئەم جۆرە لە تیرۆریزمانەن.(ناجی راد، ٢٠٠٨: ٨٠-٨١).

## ٢- ئاسایشی سایبەری و چەنگی سایبەری

بە وتەی "جێمس ڕۆزێناو" لە بری ئاسایشی نەتەوەیی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگەی زانیاری و هەڕەشە و مەترسیە زانیارییەکان وەکو مەترسی بۆسەر کۆمەڵگە ڕۆژئاوایی و پێشکەوتووەکان هاتۆتە ئاراوە[2]. دامەزراوەی نێودەوڵەتی کەنەدی(CACL)[3] کە لە ساڵی ١٩٥٨ دامەزراوە، هەڕەشە سایبەرییەکان بە ئەو ڕووداوانە کە بەشێوەی سروشتی یاخود لە ڕێگەی مرۆڤەوە(بە مەبەست یا بێ مەبەست) کاریگەریان لەسەر فەزای سایبەریدا دروست بکات، بە گەشتی ئەو هەڕەشانەی کە پەیوەندیان بە فەزای سایبەرییەوە هەبێت، پێناسە دەکات.(CACL and USNI, 2010). فەزای مەجازی یاخود سایبەری بەکاریگەری فەزا وکۆمەڵگەیەك کە لەلایەن کۆمپیوتەر، زانیاری وئامرازە ئەلێکترۆنییەکان وهەروەها تۆڕە دیجیتاڵییەکان و بەکارهێنەران دروست دەبێت، پێناسەکراوە.(Lord&Sharp, 2011: 10). بوارو فەزای سایبەری چەندین سیما وتایبەتمەندی هەیە کە دەتوانین بەم شێوەیە پۆلینیان بکەین:

١- فرەیی ئەکتەرەکان لە فەزای سایبەریدا: تاکەکان، گروپەکان، تیرۆریستەکان، کۆمپانیاکان و دەوڵەتان و..هتد، دگرێتەوە.(Charney, 2009: pp. 5-6).

2 - See: James N. Rosenau & J. P. Singh (2002); Information Technologies and Global Politics: The Changing Scope of Power and Governance, Albany, state university of New York press.

3 - See: http://www.cacl.ca/

٢- تێچوو و کاتی کەم و خێرایی بەرز: لە کەمترین کات و خێراییدا، زیاترین کاریگەری و بە کەمترین تێچوو دەکرێت لە ڕێگەی فەزای سایبەرییەوە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی تاك و دەوڵەتان ئەنجام دەدرێت.(Lord&Sharp, 2011: pp. 20-28).

٣- بە نەهێنی مانەوەی ناسنامەی ئەکتەرەکان و شاراوەیی چالاکییەکان: تیرۆریستە سایبەرییەکان و هێرشبەرانی سایبەری دەتوانن هیچ ناسنامەیەك لە تاوان و هێرشەکانی خۆیان بەجێ نەهێڵن.

٤- کاریگەری بەرفراوان و فرەرەهەند: هەڕەشە سایبەرییەکان ئەوەندە کاریگەریان بەرفراوانە کە ئەنجامدانی هێرشی سایبەری دەتوانێت ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە دارایی، کات، بەرهەم، متمانە، زانیاری و ژێرخانەکانی دەوڵەتان و..هتد. (Lord&Sharp, 2011: pp. 20-28).

٥- کەم کاریگەریبوونەوەی ڕۆڵی جوگرافیا: بەم واتایە کە فەزای سایبەری خێرایی گواستنەوەی لە سەروو بەربەستە جوگرافیاییەکانەوە فەراهەمکردووە.(Starr, 2009: 18).

ئەکتەرە دەوڵەتی و نا-دەوڵەتییەکان فەزای سایبەری بەکاردێنن تاوەکو بە ئامانجە کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژیایی، سیاسی و لەشکری و دارایی و..هتد، لە جیهانی ڕاستەقینەدا بگەن، ئەمەش بە شێواز جۆراوجۆر دەکرێت. بۆیە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییە سایبەرییەکان بکەین، لە ڕوانگەی تیۆریی بەجیهانیبوون:

١- جەنگی سایبەری(Cyber Warfare): جەنگی سایبەری شێوازێکی نوێیە لە خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە کە ئێمرۆکە گۆڕەپانی جەنگ بۆ فەزای سایبەری بەرفراوان بۆتەوە، تەنانەت وەکو پێنجەمین بواری جەنگ لە پاڵ جەگی زەمینی، ئاسمانی، دەریایی و بۆشایی ئاسمان هاتۆتە ناو هاوکێشە لەشکری و ئاسایشییەکانەوە.(Cornish&Etal, 2012: pp. 12-13).

٢- هێرشە سایبەرییەکان(Cyber Attacks): هێرشی سایبەری جیاوازی لەگەڵ جەنگی سایبەری هەیە، هێرشی سایبەری دروستکردنی کێشە و گرفتە لە درووستی زانیارییەکان و شێواندنیان لە ڕێگەی کردەوە تێکدەرانەکانە. ئەوەش هەموو بوار و ڕەهەندەکانی فەزای مەجازی دەگرێتەوە، چونکە هەموو ژێرخانە مەجازییەکانی دەوڵەتان پێکەوە وەکو تۆڕێك پێکەوە گرێدراون و دەبنە ئامانجی هەرە سەرەکی هێرشە سایبەرییەکان.(خلیلی پور رکن ابادی و نورعلی وند، ٢٠١٢: ١٧٢).

٣- تیرۆریزمی سایبەری(Cyber Terrorism): هێرش و تۆقاندن و ناچارکردنی نایاسایی لە دژی تۆڕەکان و زانیارییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و دارایی بە تیرۆریزمی سایبەری دەناسرێت.(Starr, 2009; 18).

٤- تاوانە سایبەرییەکان(Cyber Crime): تاوانە سایبەرییەکان دەتوانێت لە ڕێگەی پێشێلکردنی مافی خاوەندارییەتی مەعنەوی و دزینی نهێنییەکان و هێرشکردنە سەر کۆمپیوتەر و تۆڕەکان و زانیارییەکان بە مەبەستی گوشار دروست کردن و دزینی زانیارییەکان و بەکارهێنانیان لە دژی لایەنی بەرامبەر دەگرێتەوە.(Deritzand Sechrist, 2010: pp. 5-7).

٥- سیخوڕیی سایبەری(Cyber Espionage): سیخوڕی سایبەری بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری نهێنی و لەشکری و..هتد، چی بۆ دەوڵەتێکی تر بێت چی بۆ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بێت، بەپێچەوانەی تاوانە سایبەرییەکان زیاتر بە مەبەستی سیاسی دەکرێت، نەك دارایی و ئابووری. هەرچەندە ئامانج و پاڵنەرەکانی جیاوازن، بەڵام بەرژەوەندی سیاسی، لەشکری، پیشەسازی و ئاسایشی و...هتد، دەگرێتەوە.(Lord&Sharp; 2011: 17).

بۆیە تیۆرییە نوێیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جەنگی زانیاری و نەرم سنوورەکانی ناسنامەی خستۆتە ژێر هەڕەشەوە. بەم واتایە کە لە فەزای سایبەری و مەجازیدا جەنگی ناسنامەکان لە ئارادایە. بەم پێیەش ناسنامەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ژێرهەڕەشە دایە. چونکە لە فەزای مەجازیدا نیشانەکان و سیمبۆلەکان گرنگی تایبەتیان هەیە، بۆیە دەبنە ئامانجی هێرشە سایبەرییەکان.(روزنا و دیگران، ٢٠١١: ٣٠).

بە شێوەیەکی گشتی توانای کەڵك وەرگرتن لە فەزای سایبەری یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی هێزە لە سەردەمی سەدەی بیست و یەکەمدا. ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان لەم هێزە کەڵك وەردەگرت، تاوەکو ئامانجە سیاسی، ئایدیۆلۆژیایی، لەشکری، ئاسایشی، دارایی و..هتد، دەستەبەربکەن. چونکە قەبارەی ئالوگۆڕی ئابووری و بازرگانی لە فەزای مەجازیدا ساڵانە بە زیاتر لە دە (١٠) تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت یاخود دەخەمڵێندرێت، پێشبینی دەکرێت تاوەکو ساڵی (٢٠٢٠)ی زایینی قەبارەکەی بگاتە نزیکەی ٢٤ تریلیۆن دۆلاری ساڵانە.(Lord&Sharp, 2011; 22).

## ٣- پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەش و هەوا

پرسی ژینگە لە سەردەمی بەجیهانیبوون بۆتە پرسێکی جیهانی، چونکە هۆکار و مەترسییەکانی ژینگە کاریگەری و دەرئەنجامی جیهانیان هەیە، وەکو: گازی ژەهراوی بەرهەمهاتوو لە سوتەمەنیەکان، کونبوونی ئۆزۆن، گەرمبوونی زەوی، پیسبوونی دەریا و زەریاکان، بارانە ئەسیدیەکان، کەمبوونەوە و لەناوچوونی گیاندار و ڕووەك و..... هتد، کە کۆمەڵێك هۆکارن کە ئاووهەوا و خاك، ڕووەك و گیانداران بکەونە مەترسییەوە، کە ئەمەش لە دەرەوەی توانای دەوڵەتە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و پرسانە، کە ئەمەش دیسان سنووری دەسەلاتی دەوڵەت دەبەزێنێت و دەبێتە کێشە و پرسی مرۆڤی و کۆمەلایەتی و کاریگەری لەسەر هەژاری و برسیەتی دەبێت بەهۆی پەیوەندی بە دابینکردنی خۆراك بۆ مرۆڤەکان و دواترپرسی ئاسایشی خۆراك (گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧: ل٨٦).

زنجیرە کۆبوونەوەی (گۆی زەوی) لە ساڵی (١٩٩٢) بە هاوکاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری ڕیۆدۆجانیرۆی بەڕازیل بە بەشداری (١٧٨) دەوڵەت سەلمێنەری ئەم بابەتە بوو، لەم کۆبوونەوەیە ڕایانگەیاند کە ژینگە سیاسەتێکی بەرفراوانە و هاوتایە لەگەلأ ئابووری نێودەوڵەتی و ئاسایشی نەتەوەیی، ئەم کۆبوونەوەیە یارمەتی ئەوەیدا ناوەندی سەرنجەکان لە ئاسایشی یەکلایەنەوە بەرەو

ئاسایشی فرەلایەنە ئاراستەکەی بگۆڕێت، واتە ڕوون بۆوە هەوڵی ناهەماهەنگ ویەکلایەنەی دەوڵەتان بێسوودە وهەردەوڵەتێك لە پێناو پاراستنی ژینگەکەی خۆی پێویستی بە هاوکاری دەوڵەتانی دیکە هەیە (حسێن تاشان، ۲۰۰۷: ل۲۰).

لەسەردەمی بەجیهانیبووندا کۆمەڵێك ناوەندی زانستی و ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی و ناوچەیی و ناوخۆیی و نێونەتەوەیی جەخت لەسەر ژینگە و پاراستنی وەکو بەشێکی گرنگ لە ئاسایشی مرۆڤ دەکەنەوە و بەجیهانیبوون ئەم دەرفەتەی پەیوەندی لەم بوارە و هەروەها پەیوەست بوونی پرسە ناوچەیی و ناوخۆییەکان بە پرسە سەروونەتەوەییەکانی خوڵقاندووە و ژینگەش یەکێك لە پرسە گرنگەکانە و بەجیهانیبوونی ئابووری و پیشەسازی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ژینگە دروستکردووە و ئێمە دەبینین کە کۆمەڵێك پەیماننامە بۆ ڕێگەگرتن لە هەڕەشە بۆ سەرژینگە وژیانی مرۆڤ لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا ئیمزا کراوە، کە ئاسایشی دەوڵەتان پێکەوە دەبەستێتەوە (شولت، ۲۰۰۳: ص۹۰۰). ڕێککەوتنامەی گۆڕانکاریەکانی ئاووهەوا (۱۹۹۲) و ڕێککەوتنامەی کیۆتۆ (۱۹۹۷)، ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن کە گەرمتربوونی زەوی، ناسکتربوونی لایەی ئۆزۆن، بارانی ئەسیدی و لەناوچوونی بوونەوەرەکان و ژینگە و پیسبوونی، کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی دەوڵەتان و تاکەکان و ئاسایشی نێونەتەوەیی هەیە (میتو و شامبوگ، ۱۹۹۹: ص۱۲).

لە بواری ژینگەدا ڕوانگەی نوێ بۆ سیاسەتدانان هاتۆتە ئاراوە، بەم مانایە کە بەکارهێنانی بەبێ چاودێری ژینگە، کۆمەڵگەی تووشی قەیران کردووە و ئەمە تەنیا بە دەوڵەت و بە زۆر و هێز ناکرێت بەڵکو پێویستە خوودی هاولاتیانیش ئەو مەترسیانە بڕەوێننەوە و پاڵپشتی لە سیاسەتە ژینگەییەکان بکەن کە هەڕەشەیە بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵگەی ناوخۆ و نێودەوڵەتی، بۆ نموونە: پاڵپشتی لە کۆنترۆڵ و کەمکردنەوەی دانیشتوان، بەشداری لە پاککردنەوەی ژینگە، بەشداری لە پرۆژەکانی سیستەم لەهەمبەر کەمکردنەوەی پیسکردنی ژینگە و دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆ بۆ ژینگە و .... هتد (اسولیوان، ۲۰۰۹: ص۳٤۲). ڕەهەندی ژینگەیی ئامانج لێی پاراستنی ژینگەیە لەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە هەیە، هەروەها پیس بوونیان بەتایبەت ئەو دانیشتوانانەی کە نزیکن لە کارخانەکان، دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ئاو و خاك و ڕوەك، هەروەها پیس بوونی دەریاکان کە زیان لە ژیانی ئاویی و سامانی ماسی دەدات، ئەمانەش سەرچاوەی داهاتی نەتەوەن (الساعدی،۲۰۰۹:ل۷۰۹).

لە ڕوانگەی باری بۆزانەوە ئاسایشی ژینگە لوتکەی ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە و ئەو دەوڵەتەی گرنگی بە پاراستنی ئاسایشی ژینگە دەدات دەوڵەتێکە کە گرنگی بە پاراستنی سروشت و بوونەرەکان بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەت دەدات، پێی وایە پیسبوونی ژینگە پەیوەندی هەیە بە مامەڵەکردنی نابەرپرسیارانەی دەوڵەتان لەگەڵ ژینگە و هەروەها گرنگی پێنەدان بەوپرەنسیپە مرۆییانەی کە بوونەتە بەهایەکی باڵای جیهانی. پرسی ژینگە لە ڕوانگەی بۆزانەوە بریتیە لە ڕەهەندێکی سەرەکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی کە ئەویش ڕەهەندێکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە. بەشێوەیەکی گشتی پاراستنی ژینگە

یەکێکە لە پرس و پرەنسیپەکانی سیستەمێکی دیموکراسی. بۆیە لەدەوڵەتانەی کە خاوەن سیستەمێکی دیموکراسیین زیاترگرنگی بە ئاسایشی ژینگە وەکو رەهەندێکی سەرەکی لە ئاسایشی نەتەوەیی دەدەن.
٤- کۆچ و هەژاری و نەخۆشییە گوازراوەکان

لەمێژوودا بڵاوبوونەوەی تاعوون یان مەرگی رەش بووە هۆی توورەیی خەڵک لە دەسەڵاتداران و بە تایبەت لە کڵێساکان کە دەسەڵات و سروەتی زۆریان هەبوو. پشتکردنی خەڵک لە کڵێساو مردنی بەشێکی زۆری قەشەکان قەیرانی بۆ ناوەندە مەزهەبییەکان دروستکردو تاقمی جۆراوجۆری مەزهەبی سەری هەڵدا کە بوونەهۆکاری شکانی شکۆی کڵێساکان. لەلایەکی تر بە هۆی مردنی خەڵکێکی زۆر، هێزی کاری ئەورووپا کەم بووەوەو دەوڵەمەندو دەسڕۆیشتووکان ناچاربوون مل بۆ داوای کرێکاران و خزمەتکاران رابکێشن و ئەنجامی ئەمانەش بووە هۆی پێچانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆگۆڕانی سیاسی، ئابووری، کەلتووری وکۆمەڵایەتی لە ئەورووپادا.
هەروەها کەرەنتینە مێژوویەکی دوورو درێژی بۆ رێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان هەیە. کاتێک لە سەدەی چواردەیەمدا تاعوونی رەش سەرانسەری ئەورووپای تەنییەوە، شاری ڤێنیزی ئیتالیا یاسایەکی دەرکرد کە بە پێی ئەویاسایە سەرنشینان و خزمەتگوزارانی هیچ کەشتییەک بۆیان نەبوو بێنە دەرەوەو پێ بنێنە ناو شاری ڤێنیز مەگەرئەوەی کە کەشتییەکەیان بۆ ماوەی ٤٠ رۆژلەنگەری گرتبێت. ئەم ماوەی چاوەڕوانی کردنەیان بە " کوارنتینۆ" ناو دەبرد کە لە زمانی ئیتالیاییدا بەمانای ژمارەی ٤٠ دێت. دیارنیە بیرۆکەی ٤٠ رۆژەی کەرەنتینەبوون لە کوێرا هاتووە، بەڵام پرۆفیسۆر مارک هەریسۆن پسپۆری مێژووی پزیشکی زانکۆی ئۆکسفۆرد دەڵێت رەنگە ژمارەی ٤٠ لە گەڵ چیرۆکەکانی ناو ئینجیل پەیوەندی هەبێت. وەک ٤٠ رۆژو ٤٠ شەوێ کە مەسیح بەتەنیا لە بیاباندا مایەوە.
نەخۆشی ئەنتۆناین: ئەم نەخۆشییە گشتگیر و گوازراوەیە لە ساڵی ١٦٥ ی پاش زایین، بە ئاسیای بچووک و میسرو یۆنان و ئیتالیادا بڵاوبووەتەوەو لەبەرئەوەی هۆکارەکەی بە باشی نەناسرا، هەندێ کەس بە سوورێژەیان دەزانی و هەندێکی تر بە ئاوڵەیان ناودەبرد. بەڵام لەبەرئەوەی مارکوس ئۆریلیۆس ئەنتۆناینێس، ئیمپراتۆری ئەو سەردەمەی رۆمی کوشتبوو،ئەم ناوەیان لێنا. بەهۆیئەم نەخۆشییەوە نزیکەی ٥ ملیۆن مرۆڤ بوون بە قوربانی وزیانی وای گەیاندبوو بە سوپای رۆم کەدەسەڵات ناچاربوو بۆپاراستنی ئیمپراتۆریەتەکە کەڵک لە ئەڵمانییەکان وەربگرێت.
سیل: مێژووی نەخۆشی سیل وەک هۆکارێکی مردن، دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوپێش. لەئێسکەکانی مرۆڤی چاخی بەردیندا بەڵگەی نەخۆشی سیل پەیدابووەو لە بڕبڕەی پشتی بەشێک لە تەرمە مۆمیایی کراوەکانی میسردا نیشانەکانی نەخۆشی سیل دۆزراوەتەوەو لە یاساکانی حەموورابیشدا باس لە نەخۆشی سیل کراوە. توێژەرانی ژاپۆن بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو بەکتریا چیلکەییەی کە بەهۆکاری سیل دەناسرێت، مێژوویەکی ٣٥٠٠٠ ساڵەی هەیە. شەڕی مرۆڤ لەدژی ئەم نەخۆشییە مەرگبارە، تا سەدەی ١٩ زایینی سەرکەوتنی نەبووەو تا ئەوەی کە لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا رۆبێرت

کۆخی ئەڵمانی هۆکاری نەخۆشییەکە دەسنیشان دەکاو دواتر بە هۆی دوو زانای فەرەنسییەوە ڤاکسینەکەی دۆزرایەوەو لە ساڵی ١٩٢١ زاییندا لەسەر مرۆڤ تاقیکرایەوەو لەوکاتە بەدواوە ڤاکسینی (ب س جی) فریای مرۆڤ کەوت. قوربانییەکانی ئەم نەخۆشییە جیهانی وگوازراوەیە کە تا ئێستاش بەردەوامە، لەدەیان و بگرە سەدان ملیۆن کەس تێپەڕیوە.
تاعوون: تاعوون جۆرێک نەخۆشی بەکتریایی هاوبەشی نێوان مرۆڤ وئاژەڵەو بە درێژایی مێژوو، مرۆڤی زۆری لەناو بردووەو ئەزموونەکانی رابردوو نیشانی داوە کە هەندێ جار ئەو شوێن و ناوەندانەی کە تاعوونی تیا چالاک بووە بۆ ماوەی دەیان ساڵ یان زیاتر، ناچالاک و خامۆش بووەو لە پڕ تەقیوەتەوەو دووبارە بە چالاک بوونەوەی بووەتە هۆی تووشبوونی مرۆڤ یان گیانەوەرانی وەک مشک وکۆمەڵگای مرۆیی گیرۆدە کردووەتەوە. تائێستا ٣ جاربڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوون جیهانی گرتووەتەوە، کە جاری یەکەم لە ساڵی ٥٤١ زایینیدا بووەو لە میسرەوە سەری هەڵداوەو لەوێوە جیهانی تەنیوەتەوە. ئەم شەپۆلەی تاعوون کە دوو سەدەی خایاندووە، بووەتە هۆی لەناو چوونی ٥٠% بۆ ٦٠% دانیشتوانی باکووری ئەفریقا، ئەورووپاو ئاسیا. بڵاوبوونەوەی جاری یەکەمی تاعوون کە لەهەندێ سەرچاوەدا بە تاعوونی ژوستین ناو دەبرێت، بە هۆکاری لە ناوچوونی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی لە سەدەی شەشەمدا دادەنرێت. چوونکە تەنیا هۆکاری لەناوچوونی بەشێکی سوپاکەی نەبوو، بەڵکو بە کوشتنی ٤٠% دانیشتوانی پایتەختەکەی پێکهاتەی ئابووری وکارگێڕی دەسەلاتەکەی بە چۆکدا هێنابوو. ئەم شەپۆلە جیهانییەی تاعوون، نیوەی دانیشتوانی ناوچەی میزۆپۆتامیاش لەناو دەباو پاشای دەسەڵاتی ساسانییەکانیش بەم نەخۆشییە دەمرێت. بڵاوبوونەوەی دووەمی ئەم نەخۆشییە بە جیهاندا کە بە مەرگی رەش یان تاعوونی رەش ناو دەبرێت، لە ساڵی ١٣٤٦ زایینیدا روویداوەوبە هۆی کێچ و مشک و مرۆڤی تووشبووەوە جیهانی تەنیوەتەوە. مەرگی رەش بە یەکێک لە کارەساتبارترین رووداوەکانی مێژووی ئەورووپا دادەنرێت. بۆنموونە ٢٠ بۆ ٣٠ ملیۆن کەسی ئەرووپا بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە دەمرن و دەبێتە هۆی لە ناوچوونی یەک لە سەر سێی دانیشتوانی ئەوکاتی ئێران و شاری بەسرەش لەبەر ئەوەی درەنگ وەخۆ دەکەوێت بۆکەرەنتینەکردن نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ کەسی لێدەمرێت. بە گشتی ئەم شەپۆلەی تاعوون کە ماوەی چەند سەدەیەک درێژەی دەبێت، لەگەڵ ئەوەی کە گەلێک کێشەی سیاسی و مەزهەبی و کەلتووری لێدەکەوێتەوە، لە 150 بۆ ٢٠٠ ملیۆن مرۆڤیش دەکوژێت.
سێیەم شەپۆلی بڵاوبوونەوەی تاعوون بە دونیادا لە ساڵی ١٨٥٥ زایینی لە وڵاتی چینەوە سەری هەڵداو پاشان بە جیهاندا بڵاوبووەوە. ئەم شەپۆلەی تاعوون تەنیا لە وڵاتەکانی چین و هیندستاندا نزیکەی ١٢ ملیۆن مرۆڤی کوشت. ئاخرجارکە هەواڵی بڵاوبوونەوەی لە رۆژئاوای ئەورووپادا راگەیەندرا پاش شەڕی دووەمی جیهانی بوو مشک وکێچ-یش وەک هۆکاری گواستنەوەی ناسرا. لە ساڵی ١٨٩٤ زایینیدا بە هۆی ئەلێکساندێر یەرسین، زانای ئەنیستیتۆتی پاستۆر هۆکارەکەی دۆزرایەوە. بۆ پیشگیری لە تاعوون ڤاکسین هەیە بەڵام لە ئێستادا تەنیا بۆ ئەوکەسانەیە کە ئەگەری بەرکەوتنیان لەگەڵ نەخۆشییەکەدا هەیە، وەک سەربازەکان و ئەوانەی کە بەرکەوتنیان لەگەڵ ئاژەڵاندا زۆرە، ئەڵبەت ئەم ڤاکسینە

ئەنجامی لاوەکی و کاریگەری خراپیشی لەسەر مرۆڤ هەیەو هەربۆیە لە ساڵی ٢٠٠٥ وە وڵاتی کەنەدا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ڤاکسینێکی نوێیە بۆ ئەم نەخۆشییە. هێشتا مەترسی ئەم نەخۆشییە نە ڕەویوەتەوەو لە کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکادا هەیە، بۆنموونە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی رایگەیاندووە کە لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٥-١٩٩٩ دا لە تەواوی جیهاندا ٢٦٥٢ کەس بە هۆی بەکتریای تاعوونەوە گیانی لەدەستداوە.

ئاوڵە: نەخۆشییەکی ڤایرۆسی گوازراوەی نێوان مرۆڤەکانە کە مێژوویەکی ڕەشی هەزاران ساڵەی لە تووش کردن و کوشتنی مرۆڤدا هەیە. هەندێ سەرچاوە بە پێی ئەو نیشانانەی کە لە تەرمە مۆمیایی کراوەکانی میسردا دەرکەوتووە، مێژووی ئەم نەخۆشییە دەگێڕنەوە بۆ سەدەی سێیەمی پێش زایین، سەرچاوەکانی دیکەش باس لەوە دەکەن کە لە سەدەی ٤ی پاش زایین لە چین ولە سەدەی ٧ی زاییینیدا لە هیندولە سەدی دەیەمی زایین لە ئاسیای بچووکدا دەرکەوتووەولە ڕیگای مرۆڤی تووشبووەوە جا بە هۆی شەڕەوە بووبێت یان بازرگانی، بە جیهاندا بڵاوبووەتەوەو لە ١٠ کەسی تووشبوو ٣ کەسیانی کوشتووەو ئەوانەش کە لە مردن رزگاریان بووە یان کوێر بوونە یان بە ئاوڵەرووی ژیاون و بەگشتی لە ماوەی بڵاوبوونەوەیدا بە سەدان ملیۆن مرۆڤی کوشتووە. بۆنموونە لە ساڵی ٧٣٥ تا ٧٣٧ زایینی لە وڵاتی ژاپۆندا بڵاوبووەتەوە کە بە هۆیەوە ٢ بۆ ٣ ملیۆن کەسی کوشتووە وزۆربەی قوربانییەکانیشی منداڵ بووە. هەروەها لە ساڵی ١٥١٩ تا ١٥٢٠ زایینی لە مەکزیکدا بڵاودەبێتەوەو ٥ بۆ ٨ ملیۆن کەسیان لێدەکوژێ و ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنی ئیسپانیاییەکان بەسەر مەکزیکدا. هەروەها ئەم نەخۆشییە سەرەتای سەدەی ١٧ ی زایینی بووەتە هۆی مردنی نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس لە دانیشتوانی ئەمریکای باکوور. بەڵام بەخۆشییەوە لە ساڵی ١٧٩٦دا ڤاکسینی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە بە هۆی دوکتۆر ئێدوارد جێنێر-ی بریتانییەوە دوزرایەوەولە ساڵی ١٩٨٠ زاییینیدا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نەمانی ئەم نەخۆشییەی لە جیهاندا ڕاگەیاند.

کۆلێرا: ئەم نەخۆشییەش وەک پەتا گوازراوەکانی دیکە مێژوویەکی دوورو درێژی لە کوشتنی مرۆڤدا هەیەو ٧ جاربە جیهاندا بڵاوبووەتەوە. جاری یەکەم لە ساڵی ١٨١٧ دا، لە بینگاڵی هیندەوە سەری هەڵداوەو جیهانی گرتەوەو تەوژمی حەوتەمیشی لە ئەندەنۆسیاوە ساڵی ١٩٦١ دەسپێکردو جیهانی تەنییەوە. قوربانیانی ئەم نەخۆشییە لە جیهاندا بە دەیان ملیۆن کەس دەخەمڵێندرێت ولە ئێستاشدا هەیەو بە پێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ساڵانە ٣ بۆ٤ ملیۆن کەس لە جیهاندا تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن، کە بە خۆشییەوە ٨٠% تووشبووان بە دەرمان چارەسەردەکرێن.

ئەنفلۆنزای هونگ کۆنگی: ئەم نەخۆشییە هۆکارەکەی ڤایرۆسی H3N2وەو پەلاماری کۆئەندامی هەناسەی مرۆڤ دەدات و قوربانییەکانیشی بە زۆری منداڵان و بەساڵاچووانەو وەک نەخۆشییە گوازراوەکانی دیکە لە ڕێگای مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٨ بۆ ١٩٧٠ ی زایینی لە ئاسیاو ئۆستڕالیاو ئەوروپاو ئەمریکادا بووە هۆی گیان لە دەستدانی نزیکەی یەک ملیۆن کەس.

**ئەنفلۆنزای ئاسیایی:** هۆکاری ئەم نەخۆشییە گوازراوەی کۆمەڵگای مرۆیی بە ڤایرۆسی H2N2 ناسراوە. لەهەندێ سەرچاوەدا ئەم هۆکارە ڤایرۆسییە بە ئەنفلۆئەنزای رووسی- ش ناو دەبرێت کە لە ماوەی سالآنی ١٨٨٩ تا ١٨٩٠ لە رووسیادا بڵاوبووەتەوەو پاشان هەبوونی رێگای ئاسن لە سەدەی ١٩ دا بووەتە هۆی ئەوەی کە خێرا بە ئەورووپادا بڵاو ببێتەوەو لە ئاکامدا بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەی یەک ملیۆن مرۆڤ. جارێکی تر ئەم نەخۆشییە لە زستانی ساڵی ١٩٥٧ و زستانی ١٩٥٨دا بە جیهاندا بڵاودەبێتەوەو لە ٢٥٠ بۆ ٥٠٠ ملیۆن کەس تووشی نەخۆشییەکە دەبێت ولەوانەش بە دەیان هەزار کەس گیان لە دەست دەدات کە بۆ نموونە لە ئەمریکا ٦٩٨٠٠ کەس، هۆنگ کۆنگ ٢٥٠٠٠٠ کەس، بریتانیا ٣٥٥٠ کەس بەم هۆیەوە دەمرێت. بەڵام بە خۆشییەوە بە هۆی دروستکردنی ڤاکسین و دەرمانی دیکەوە رێ لە بڵاوبوونەوەی زیاتری گیرا.

**ئەنفلۆنزای ئیسپانی:** هۆکاری ئەم نەخۆشییە گوازراوەیە کە بڵاوبوونەوەکەی بە یەکێک لە کارەساتبارترین رووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت، ڤایرۆسی H1N1 . بەڵام لەبەرئەوەی هەواڵی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە یەکەم جار لەلایەن ئیسپانیاوە بڵاوکرایەوە، بە ئەنفلۆئەنزای ئیسپانی ناودەبرێت. چوون ئیسپانیا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بێ لایەن بووو وەک وڵاتانی دەرگیری شەڕەکە نەبوو کە بەربەست لە رێی راگەیاندنەکاندا هەبێت. بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٢٠زایینی بە تایبەت بە ئەورووپاو ئەمریکادا، بوو بەهۆی مردنی خەڵکانێکی زۆرکە توێژینەوە تازەکان ژمارەی قوربانییەکان کە زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان ٢٠ساڵ بۆ٤٠ ساڵدا بوو، بە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس دەخەمڵێنن. ئەم رووداوە کاریکردەسەر سیاسەتی دەوڵەتان بۆ کوتانی ساڵانە، بە مەبەستی پێشگیری کردن لە نەخۆشییەکە. هەروەها دەوڵەتە ئەورووپاییەکانی تێگەیاند کە پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییە گشتگیرو گوازراوەکان، پەرە بە سیستەمی تەندروستی و دەرمانی گشتی بدەن. شەڕی یەکەمی جیهانی لە کەنار ئەم نەخۆشییەدا بوون بە هۆکاری مردنی پیاوانێکی زۆر لەجیهانداودەرفەتێک پێشهات کە ژنان بتوانن بەرپرسایەتییەکان لە ئەستۆ بگرن. هەروەها ئەم روداوە دەرچوونی یاسای بنەرەتی سەدەی ١٩ ئەمریکای لێکەوتەوە کە بە هۆیەوە ژنان توانیان مافی دەنگدان بە دەست بێنن. هەندێ لەمێژووناسان باس لەوەدەکەن کە مردنی نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس لە هیندییەکان بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە، هۆکارێک بوو بۆگەشەکردن وپەرەسەندی هەستی سەربەخۆیی خوازی هیندییەکان.

**ئەنفلۆنزای بەراز:** پەتایەکی ڤایرۆسی هاوبەشی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵە. بەرازەکان بە زۆری تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن بەڵام ئەگەر مرۆڤ بەرکەوتنی لەگەڵ ئەم ئاژەڵە نەخۆشانەدا هەبێت، تووشی نەخۆشییەکە دەبێت ودەتوانێت بیگوازێتەوە بۆ مرۆڤەکانی دیکەو لەو رێگایەوە تەشەنە بکاتە ناو کۆمەڵگا. ئەم نەخۆشییە ساڵی ٢٠٠٩ لە وڵاتی مەکزیکەوە بڵاوبووەوەو تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ بەردەوام بوو. بە پێی توێژینەوەکان ١١% بۆ ٢١% خەڵکی جیهان تووشی ئەم نەخۆشییە بوون. بە پێی راگەیاندنی

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ١٩٩ وڵات و ناوچە بەرشەپۆلێ ئەنفلۆئەنزای بەراز کەوتبووو نزیکەی ٢٨٤٥٠٠ کەس بەو هۆیەوە گیانی لەدەستدابوو.

نەخۆشی ئایدز: ئەم نەخۆشییە گوازراوەیەی نێوان مرۆڤەکان کە لە ساڵی ١٩٦٠وە تا ئێستا بەردەوامە، هۆکارەکەی ڤایرۆسیHIV یەو ئەم ڤایرۆسەش لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوەوهێرش دەکاتە سەر سیستەمی بەرگری لەشی مرۆڤ و هێندە لاوازی دەکات کە ناتوانێت لە دژی نەخۆشییەکان بجەنگێت. ئەم نەخۆشییە گشتگیرە لەکاتی سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا نزیکەی ٣٩ ملیۆن کەسی کوشتووەو بە پێی زانیارییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش لەئێستادا زیاترلە ٣٨ ملیۆن کەس گرفتاری ئەم نەخۆشییەن و دوو لە سەر سێی نەخۆشەکانیش لە ئەفریقان. بە خۆشییەوە بە هۆی پێشکەوتنی زانست لە بواری پێشگیری ودەرماندا ڕێژەی تووشبوون بەم نەخۆشییە لە نزم بوونەوەدایە.

"جێرمی لێنت" نووسەرو توێژەری بواری مێژووی کەلتوورو شارستانییەتە کە لە وتاریکدا کە بڵاوی کردۆتەوە، لێکەوتەکانی قەیرانی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا دەکاتە بنەمایەك بۆ بەراوردکردنی ئالنگارییەکانی پیکهاتەی جیهانیی سیاسەت و ئابووری لەگەڵ جەنگی جیهانی دووەم، بەم واتایە کە ئەم دوو ڕووداوە وەکوو یەکتری بە هاوسەنگ دەزانێت. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، هەروەکوو چۆن جەنگی دووەمی جیهانی بووە هۆکاری ئەوەی مرۆڤایەتی بەرەو سەردەمی نیۆلیبراڵیزم بڕوات، هەربەم شێوەیەش بلاوبوونەوەی کۆرۆنا، جیهانێکی ترلەهەمبەرنیۆلیبراڵیزم بونیات دەنێت.

جێرمی لێنت پێیوایە لە هەر ئاستێکدا بیر لە کاریگەری و لیکەوتەکانی قەیرانی کۆڤید-19 بکەینەوە دیسانەوە هەر کەمە، چونکە ئەم ڤایرۆسە ژیانی هەمووانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بەڵام هێشتاکە لەسەرەتای ئەم ڕێگەیەداین کە کۆرۆنا بۆکەلتوورو کۆمەڵگەی ئێمە ئامادەی کردووە.

بێگومان لە یەك یاخود دوو ساڵی داهاتوودا، ڤایرۆسەکە کۆنترۆڵ دەکرێت و چارەسەریشی بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام ئەوناسەقامگیرییە بونیادییەی کە کۆرۆنا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی، بۆ نموونە دروستکردنی گرفت وکێشە لە زنجیرەی دەستەبەرکردنی کاڵاکان کە لەسەربنەمای دابینکردنی خێرای پێداویستییەکانە، داخرانی سنوورەکان، کەمیی دەرمان وکەلوپەلی خۆراکی و داتەپینی ئابووری جیهانی و... تەنها چەند هێما وئاماژەیەکن بۆدەستپێکی سەردەمێك کە هەرچەندە بەهاتنە سەرکاری ترامپ لە ئەمریکا وبرگزیت لە بریتانیا دەستپێکردبوو، بەڵام گۆڕانکارییە مەترسیدارووێرانکەروروخێنەرەکان لەڕێیە. ئەم ڤایرۆسە، قووڵی وگەورەیی قەیرانەکان وەکوو نایەکسانی ئابووری وگەندەڵی سیستماتیکی سیاسی و وێرانبوونی بەرفراوانی ژینگە کە لە چەند دەیەی رابردوودا سەرییهەلدابوو، تەنیا لە چەند هەفتەیەکدا ئاشکرای کرد وپەردەی لەسەرهەماڵی.

ئێمە پێمان ناوەتە ناو بوارو سەردەمێکی ناروون و لێڵ، بۆ ئەوەی کە ئاست و ریژەی ئەم گۆڕانکارییانە درك پێبکەین پێویستە سەرەنج بدەینە دوایین ئەزموونی گەورە کە جیهانی گۆڕی: جەنگی دووەمی جیهانی. جیهانی پێش جەنگی دووەمی جیهانی لەژێر سوڵتەی زلهێزە کۆلۆنیالییەکانی ئەوروپیدابوو.

لیبرال دیموکراسی بەرەو داکشان و داڕووخان بوو و فاشیزم و کۆمۆنیزم بەرو لوتکە و هەڵکشان. بەڵام بە چەند ساڵێکی کەم، جیهان گۆڕانکارییەکی بەخۆیەوە بینی کە لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی بەراورد نەدەکرا. رووخانی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا، جیۆپۆلیتیکی جیهان، جەنگی ساردی هەڵقووڵاو لە دابەشکردنی جیهان بەسەردو بلۆکی رۆهەلات ورۆژئاوای ئەزموون کرد. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر بنەمای سندوق دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی، سیستەمێکی نوێی بازرگانیی جیهانیان بینا کرد. هەر ئەمەش بوو کە جیهانی پاش جەنگ، نیۆلیبرالیزمی بونیاتنا. گوتاری نیۆلیبرالیزم، کە دواتر خۆی لە فۆرمی بەجیهانیبووندا پەرەپێدا، بڕوای وایە کە مرۆڤەکان تاکگەرا و خۆ-تەوەر و خۆویست و بوونەوەرێکی ماددین کە تەنها گرنگی بە سوود و زیان دەدەن و بەم پێیەش پیویستە بازاری ئازاد رێز لە هەوڵ و کۆششی مرۆڤەکان بگرێت بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر و دروستکردنی سامانی زیاتر.
سەرکەوتنی نیۆلیبرالیزم بووە هۆی هاتنە ئارای گەورەترین نایەکسانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بەپێی داوین ئامارەکان، 26 کەسی دەوڵەمەندی جیهان بە قەدەر نیوەی هەموو دانیشتوانی جیهان سامان و داراییان هەیە. گەڕانی بێبەزییانە بەدوای قازانجی کەسی و بەرژەوەندیی دارایی، شارستانییەتی مرۆڤی لەبەردەم رێگەیەکی مەترسیدار داناوە. مەترسیداریتن قەیران کە مرۆڤایەتی خستۆتە ژێر هەرەشەی خۆیەوە قەیرانی ئاو و هەوایە. تەنانەت ئەگەر قەیرانی ئاو و هەواش کۆنترۆل بکەین، درێژەپیدان بەم چەشنە لە گەشەسەندنی ئابووری، هەرەشەی بنچینەیی دەخاتە بەردەم مرۆڤایەتییەوە.
لە ئێستادا، شارستانییەتی ئیمە بە قەبارەی 40% لە تواناکانی خۆی کار دەکات، بەم واتایە کە ئەم هەموو وێرانکارییە کە لە وێرانکردنی دارستانەکان و ئاژەلەکان و ماسی و ئاوی خواردنەوە وتەنانەت خاك دەبینرێت لە خزمەت ئەوەدایە کە ئێمە بتوانین پێداویستی و بەرهەمەکانمان دەستەبەر بکەین.
لە ساڵی 2017دا، زیاتر لە 15هەزارزانا و پسپۆڕ لە 184 وڵاتی جیهان لە راگەیندراوێکی تاڵ هۆشداریان دایە مرۆڤایەتی کە ئیتر خەریکە کات بەسەردەچێت و پێشنیازیان کرد کە پێویستە مرۆڤ هەرچی زووترە گۆڕانکاری خێرا و بیوێنە لە هەموو بوار و رەهەندەکانی کۆمەڵگەدا دەستپێبکات. بەڵام مەترسی جدی ئەوەیە کە لەبڕی گەڕانەوە لە رەوت و رێگەی هەڵەکانی رابردوومان کە گرتبوومانەبەر، هەمان ئو هێزانەی کە تاوەکوو ئێستا کۆنترۆڵی سیستەم نەزمی جیهانین، لەم دەرفەتەی ئێستا کەڵك وەربگرن و لەرێگەی هێزەکەیانەوە نەوەی مرۆڤایەتی بەرەو سڕینەوە ببەن. بۆ نموونە چین ستانداره ژینگەییەکانی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان گۆڕیوە وریکخراوی پارێزگاریکردن لە ژینگەی ئەمریکاش لە دەرفەتی سەرهەڵدان و بلاوبوونەوەی کۆرۆنا کەڵکی وەرگرتووە و یاسا وریساکانی خۆی هەڵپەساردووە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت.
لەلایەکی ترەوە، کۆرۆنا بەستێن و زەمینەیەکی فەراهەم کردووە کە رێبەرە دەسەڵاتخوازەکانی جیهان ئازادییەکانی مرۆڤ پێشێل بکەن و وڵاتەکانیان بە خێراییەکی زیاتر بەرەو دیکتاتۆرییەت ببەن. وەکوو "ڤیگتۆر ئۆربان" لە هەنگاریا کە رایگەیاند لەمە بەدواوە دەسەڵاتێکی زیاتری دەبێت لە وڵاتدا یاخود ناتانیاهۆ لە ئیسرائیل کە بەهۆی کۆرۆناوە لە دادگاییکردن ڕایکرد. تەنانەت لە ئەمریکاش، ئەگەری ئەوە

هەیە کە ترامپ کەڵك لەم دەرفەتە وەربگرێت بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا. لەو وڵاتانە کە کۆنترۆڵی دەسەڵاتخوازانەیان پەیرەو نەکردووە، بەرزبوونەوەی ئاستی چاودێری لەسەر تەکنەلۆژیای زانیاری و ئینتەرنێت بۆتە هۆی ئەوەی کە بواری ئازادییەکانی کەسی هاوڵاتیان لاواز بێت. هەروەها لەوانەیە ئەو ترس و بێمتمانەییەی کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی کڕینی چەك و تەقەمەنی لە ئەمریکا یاخود هەڵمەتی هاوڵاتینا بۆ کڕینی کەلوپەل لە فرۆشگاکانی وڵاتانی ئەوروپی، لەمە بەدواوە جێگیر بێت.

سەرەڕای هەموو ئەم هەڕەشە و مەترسیانە، بەڵام ئەگەر وشیار بین و هەوڵی بۆ بدەین، جیهانی پاش کۆرۆنا دەتوانێت چەندین گۆڕانکاری گەورەی ئەرێنی بە قازانجی مرۆڤایەتیدا بەدوای خۆیدا بێنێت، بۆ نموونە:

سەرهەڵدانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەتر: دانیمارك هەوڵیداوە کە پێدانی 75% حەقدەستی کارمەندان و کرێکارانی کەرتی تایبەت کە بەهۆی کۆرۆناوە زیانیان پێگەیشتووە، بگرێتە ئەستۆ. بریتانیاش بەدوای بەرنامەیەکی هاوشێوەیە. بەرپرسانی ویلاتیەتی کالفۆرنیا لە ئەمریکاش هەوڵیانداوە کە هۆتێلە بەتاڵەکان بۆ بێلانە و بێشوێنەکان بەکری وەربگرن. لە ویلایەتی نیۆیۆرك، بەشێك لە زیندانییەکان بەشیوەی کاتی ئازاد کران. سپانیا نەخۆشخانە تایبەتەکان دینێتە ژێر خاوەندارییەتی کەرتی گشتی، لەلایەکی تریشەوە بیرۆکەی دابینکردنی داهاتی بنەرەتی بۆ تاکەکان کە لەلایەن دیموکراتەکانەوە پاڵپشتی دەکرێت لە ئێستادا بۆتە جێگەی گرنگی و سەرەنجی لایەنەکانی تریش.

جێگیربوونی ئیکۆلۆژی: ڤایرۆسی کۆرۆنا تاوەکوو ئێستا لەهەموو رێوشوێن و بەرنامەکانی جیهانی بۆ باشترکردنی دۆخی ژینگەیی باشتر کاری کردووە. بۆ نموونە لە مانگی دووی ساڵی 2020 رێژەی بلاوبوونەوەی گازی $CO_2$ لە چین بە رێژەی 25% دابەزیوە. پێشبینیش دەکریت لە داهاتووشدا رێژەی گازە گوڵخانەییەکان زیاتر دابەزێت. هەرچەندە هیچ کەس نالێت وپیشنیاز ناکات کە بۆبەرەگاربوونەوەی قەیرانەکانی هاوشێوەی پیسبوونی ژینگە ئەم رێوشوێنانەی رووبەرووبوونەوەی کۆرۆنا بگرینەبەر و هەموو ژیان بوەستێنین، بەڵام دەتوانین بلێین کە دەکرێت ئەگەری ئیرادەیەکی گشتگیری سیاسی و جیهانی هەبێت لە کاتی پێویستی و هەست بەمەترسیکردن گۆڕانکاری ریشەی ئەنجام بدەین.

سەرهەڵدانی گلۆکالیزەیشن: یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بەرجەستەی سەردەمی نیۆلیبرالیزم، بەجیهانیبوونیکی گەندەڵ لەسەر بنەمای بەهاکانی بازار بوو، وڵاتان بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کێبڕکییەکان لەسەر ئاستی جیهانی سەرمایەداریدا، کرێکارەکانیان دەکردە قوربانی. بەکارهێنانی سووتەمەنی ئەرزان، سەرچاوەکانی گۆی زەوی وێرانکردووە. دەکرێت کاریگەرییەکانی کۆڤید-19 ببێتە هۆی بەپێچەوانەبوونەوەی ئەم بەها و نۆرمە لیبرالیانە. کۆمەڵگەکان دەکرێت لەمەبەدواوە، بەهۆی پچڕان و دروستبوونی کێشە کە دابینکردنی سەرچاوەکان بە دوای دەستەبەرکردنی سەرچاوەی نوێ و بەرهەمهێنەری نوێی خۆجێی و ناوچەییەوە بن. هەروەکوو ئێستا کە هەموو وڵاتان ئایدیا و

زانیارییەکانیان سەبارەت بەم نەخۆشییە و چۆنییەتی رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ یەکتری هاوبەشی پێدەکەن و زاناکان لە هەموو جیهان هەوڵی دۆزینەوەی ڤاکسینی کۆرۆنا دەدەن، خەڵکی وڵاتە جیاوازەکانیش دەتوانن لە سەردەمی پاش کۆرۆنادا زیاتر بەشێوەی راستەوخۆ پەیوەندیان لەگەڵ یەکرتی هەبێت.

درووستبوونی کۆمەڵگەیەکی دڵسۆزتر: دەرگیربوونی هەمووان لە بارودۆخێکی قەیراناوی و لەناکاوی مەترسیدار، هەست و سۆزی خەڵکی بریندار دەکات. وەکوو کۆرۆنا کە لە هەموو جیهان بڵاوبوویەوە و کاردانەوەی پڕ لە هەست و سۆزی بۆ بێلانە و بێ ماڵ و حاڵەکان و هەروەها ئەمەگناسی لەهەمبەر پەرەستار و دکتۆرەکانی نەخۆشخانەکان و تەنانەت یارمەتیدانی کەسە هەژار و خاوەن پێداویستییەکانی لە ئاستی جیهاندا بەدوای خۆیدا هێنا. لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ کارەساتەکان، خەڵك فێری ئەوە دەبن کە وەکوو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بەهێزترن لە تاکەکان.

گرنگترین هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی سەردەمی نوێ "شۆرش لە بەهاکانە". هەروەکوو چۆن نیۆلیبراڵیزم لەسەر بنەمای یەها و نۆرمە خۆویستەکان بەبێ رەچاوکردنی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتی دەرکەوت، هەربەم شێوەیەش سەردەمی پاش-نیۆلیبراڵیزم نە لە چوارچێوەی بژاردە سیاسی و ئابوورییەکان، بەڵکوو لەسەر بنەمای بنچینە و پێکهاتە هزری و کۆمەڵایەتییەکان بونیاد دەندرێتێت. پێش ئەوەی کە کۆرۆنا لەناوبچێت و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوی سەرهەڵبدات، پێداویستییەکی گەورەتر لە رووخانی ژینگەیی چاوەڕێمان دەکات، پێداویستی و گرنگی پێناسەکردنی سەردەمی نوێ تاوەکوو مرۆڤ لە لیبرالیزمی نوێ رزگاربکات و داهاتوویەکی گەشتر بۆ مرۆڤایەتی و جیهان بێنێتە ئاراوە.